لە هەولێر ڤیزای وڵاتی چین بە هاووڵاتییان دەدرێت



لە سێری ساڵی نوێوە هەموو ئامادەکارییەککراوە بە پێدانی ڤیزای چین لە کونسێخانەی هەولێر بە هاووڵاتییان.

بگۆڕی راگەیەندراوی پارێزگای هەولێر، ئەمە یەکشەممە، ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، لە دیوانی پارێزگا، پێشوازی لە لیە جیەن، کونسێلی گشتیی وڵاتی چین لە هەولێر کرد. لە دیدارەکەدا، کە هەریەک لە سەرۆکی شارەوانی هەولێر و بەڕێوەبەری ئەندازیاری پارک و باخچەکانی هەولێر ئامادەی بوون، کونسێلی گشتیی وڵاتی چین، ستایشی ئەو پێشکەوتن و ئاوەدانیی کرد کە لە هەولێری پایتەخت هاتووەتە ئاراوە و ئاماژەی بەوەدا لە هەولێر وەک شارێکی مێژووی و دێرین هەست بە ئاسودییەکی زۆر دەکەن، ئومێدیشی خواست ئەو دەستایەتیە لە مێژینەی نێوان کورد و چین و پێیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتەکەی لە هەموو بوارێکی (بازرگانی، پیشەسازی، کشتوکاڵی و گەشت و گوزاریی) پتەوی زیاتریان پێبدرێت.

بەپێی راگەیەندراوەکە، لە تەوەرێکی تری دیدارەکەدا، جگە لە باسکردن لە ڕەکارەکانی پێدانی ڤیزای وڵاتی چین کە لەلایەن کونسێخانەی ئەو وڵاتەوە، هەموو ئامادەکارییەککراوە لەسێری ساڵی نوێوە لە هەولێر کاروباری پێدانی ڤیزای چین لە کونسێخانەی هەولێر بە هاووڵاتییان بدرێت، گفتوگۆ لە بارەی

پۆژەی دروستکردنی پارکێکی گەورە کرا کە لە منزیکانە بەدیزاینێکی سەردەمیانە و لەسەر شێوازی چینی و بە رووبەری (15 هەزار مەتر چوارگۆشە) لەلایەن کونسەخانەی چین و بە سەرپەرشتی پارێزگای هەولێر دەست بە دروستکردنی دەکرێت، بە ئەو مەبەستەش جگە لە دەستنیشانکردنی چەند شوێنێک بە جێبەجێکردنی پۆژەکە، پارێزگاری هەولێر، سوپاسی ئەو هەنگاوەی کونسەخانەی چینی کرد و کارەکەی بەرزنرخاند کە لە داهاتوودا دەبێت بە یادگار و دیارییەکی جوانی وەاتی چین بە هەولێری پایتەخت، ئەو جگە لەوەی دروستکردنی ئەم پارکە دەبێت بە پاپشت و هاوکار بە ژینگەیەکی تەندروست و زیادکردنی پۆژەی سەوزایی لە شاری هەولێر.

پاشان کونسەی گشتیی وەاتی چین، بە فەرمی پارێزگاری هەولێری بانگهێشتکرد بە سەردانیکردنی وەاتی چین و پارێزگاکانی وەاتەکەی و خواستی ئەوەی نیشاندا کە هەولێر پایتەخت ببێت بە دەستخوشکی یەکێک لە پارێزگاکانی وەاتەکەی، لەلایەن خۆیەوە پارێزگاری هەولێر داوەتەکەی کونسەی چینی قەبوەکرد و هیوای خواست لە نزیکترین دەرفەتدا بتوانرێت رەکەکوتنی دەستە خوشکی هەولێری پایتەخت لەگەڵ یەکێک لە پارێزگاکانی وەاتی چین واژووبکرێت.